# ئەو هاوەڵانەی کە موژدەی بەهەشتیان پێدراوە کامانەن

[ كردي – کوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# من هم العشرة المبشرون بالجنة

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ئەو هاوەڵانەی کە موژدەی بەهەشتیان پێدراوە کامانەن

**پرسیار:** ئەو هاوەڵانەی کە موژدەی بەهەشتیان پێدراوە کامانەن ؟ وە ئایا هەر ئەو دە هاوەڵەن ؟ یان کەسانێکی تر هەن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) موژدەی بەهەشتی پێداوون ؟

**وەڵام :** الحمد لله وكفى والصلاة والسلام على رسول الله .

هاوەڵە بەڕێزەکان خاوەنی فەزڵ وپلەوپایەی تایبەتی خۆیانن وهەرهەموویشیان عادل بوون، وە بێگومان هەندێکیشیان فەزڵی زیاتریان هەیە بەسەرهەندێکی تریاندا، باشترین کەسانێکیش لەناو هاوەڵە بەڕێزەکاندا ئەو کەسانە بوون کە لەسەرەتای ئێسلامەوە لەموهاجیرەکان موسڵمان بوون، دوای ئەوانیش ئەنصاریەکانە، ئەمجا ئەوانەیان کەبەشداری جەنگی بەدریان کردووە، دوای ئەوانیش ئەو هاوەڵانەی کە بەشداری جەنگی خەندەقیان کردووە، پاشان ئەوانەی بەیعەتی ڕضوانیان دا بەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ، ئەمجا ئەوانەی پێش فەتحی مەککە کۆچیان کرد بۆ مەدینە ولەپێناوی خوای گەورەدا جەنگان پلەوپایەیان لەو کەسانە بەرزترە کە پاش فەتحی مەککە ماڵیان بەخشی و لەپێناوی خوادا جەنگان،

هەرهەمویشیان خوای گەورە پەیمان وبەلێنی زۆر چاکی پێداوون کە بەهەشتە.

باشترین کەسانی ناو هاوەڵە بەرێزەکانیش خەلیفەکانی ڕاشدینن، ئەبوبەکری صدیق، وعومەری فاروق، وعثمانی ذي النورین، وباوکی دووخوشکەزاکەی پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) علي کوڕی ئەبوطلب، پاشان عبدالرحمن ی کوڕی عەوف، وزوبەیری کوڕی عەوام حەواری وخۆشەویستی پێغەمبەر، طلحەی کوڕی عبیداللە، وسعدی کوڕی ئەبو وەقاص، ودەست پاکی ئەم ئوممەتە ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح، وسەعیدی کوڕی زەید کوڕی نەفیل (خوای گەورە لەهەر هەموویان ڕازی بێت) کە بە دە کەسە موژدە پێدراوەکە بەبەهەشت ناسراوون .

لەفەزڵی ئەم کەسانەیشدا فەرموودە گەلێك بەگشتی باسی لەمانە کردووە، وە هەندێکیشیان بەتایبەتر پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) باسی فەزڵیانی کردووە، ئیمامی ئەحمەد وأصحابی سونەن ئەم فەرموودەیەیان لەم بارەیەوە ڕیوایەتکردووە : عن عبد الرحمن بن الأخنس (رضي الله عنه) عن سعيد بن زيد قال: أشهد على رسـول الله (صلى الله عليه وسلم) أني سمعته وهو يقول: «عشرة في الجنة، النبي (صلى الله عليه وسلم) في الجنة، وأبو بكـر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنـة، وطلحـة في الجنة، والزبير بن العوام في الجنة، وسعد بن مالك في الجنة، وعبد الرحمن بـن عوف في الجنة)، ولو شئت

لسميت العاشر. قال: فقالوا: من هو ؟ فسكت قال: فقالوا: من هو ؟ فقال: (هو سعيد بن زيد رضي الله عنه) » [ رواه أحمد (١ / ١٨٨)، وأصحاب السنن بسند صحيح ] واتە : عبدالرحمن ی کوڕی ئەخنەس (خوای لێ ڕازی بێت) لە سەعیدی کوڕی زەیدەوە گێڕاویەتەوە، کە ووتویەتی : لەبەر خاتری خوای گەورە شاهیدی دەدەم بۆ پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) کە من لێم بیستووە، فەرموویەتی : دە کەس لەبەهەشتدان، پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) لەبەهەشتدایە، ئەبوبەکر لەبەهەشتدایە، عومەر لەبەهەشتدایە، عثمان لەبەهەشتدایە، عەلی لەبەهەشتدایە، طلحە لەبەهەشتدایە، زوبەیری کوڕی عەوام لەبەهەشتدایە، سەعدی کوڕی مالیك لەبەهەشتدایە، عبدالرحمن ی کوڕی عەوف لەبەهەشتدایە، وە ئەگەر بمویستایە ناوی دەهەمینیشم دەهێنا، دەڵێت : ووتیان : ئەو کەسە کێیە؟ بێدەنگ بوو، ئەمجا ووتیانەوە : ئەو کەسە کێیە؟ فەرمووی : ئەو کەسە سەعیدی کوڕی زەیدە (خوای گەورە لەهەموویان ڕازی بێت) .

لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم) لەغەیری ئەمانەیش موژدەی بەهەشتی داوە بەکەسانی تریش، وەك عبداللە ی کوڕی مەسعود، وبلالی کوڕی ڕەباح، وعەکاشەی کوڕی محصن، وجەعفەری کوڕی ئەبوطالب، جگە لەمانیش کەسانی تریش هەن کە موژدەی بەهەشتیان پێدراوە، ئەهلی سوننەت و جەماعەت ناوی ئەوانە دێنن کە بەدەقی فەرموودە

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) شاهیدی ئەوەی بۆداوون کە ئەهلی بەهەشتن، وە غەیری ئەوانەیش کە موژدەی بەهەشتیان پێدراوە، ئومێدی خێریان بۆ دەکەن لای خوای گەورە، چونکە پەروەردگار پەیمانی بەهەشتی داوە بەهەموویان، هەروەك خوای گەورە دوای ئەوەی باسی فەزڵی هاوەڵە بەڕێزەکان دەکات و ڕوونی دەکاتەوە کە هەندێکیان بەفەزڵترن لەهەندێکی تریان، ئەمجا دەفەرموێت : ﴿وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰ﴾[النساء : ٩٥ ] واتە : هەر هەموویان خوای گەورە پەیمان وبەڵێنی باش وچاکی پێداوون کە مەبەست پێی بەهەشتە .

سەبارەت موسڵمانان بەگشتیش ئەهلی سوننەت وجەماعەت شاهیدی بۆ کەس نادەن بەدڵنیاییەوە بەوەی ئەهلی بەهەشت یان دۆزەخ بن، بەڵکو ئومێدیان وایە کەسانی چاکە کار وموحسنیان پاداشتی خێر دەدرێنەوە، و دەترسن لەوەیش کەسانی گوناهبار وخراپەکاریان دووچاری سزای دۆزەخ ببنەوە، لەگەڵ ئەوەدا دڵنیان ئەو باوەڕدارنەی لەسەر تەوحید ویەکخواپەرستی مردبن خوای گەورە بەهەتا هەتایی نایان خاتە دۆزەخەوە، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾ [النساء : ١١٦] واتە : بێگومان خوای گەورە لەو کەسانە خۆش نابێت کە هاوەڵیان بۆ

بڕیارداوە، بەلام غەیری هاوەڵ بڕیاردان خوای گەورە لەهەموو تاوانێك خۆش دەبێت بۆ هەرکەسێك کە خۆی بیەوێت .

خوای گەورەش زاناترە .